هەڤاڵ ئەبو بەکر: پرسی گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان سلێمانی و تورکیا سیاسییە

هەڤال پارێزگاری سلێمانی رایگەیاند پرسی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان سلێمانی و تورکیا سیاسییە ،ئاماژەی بەوەکرد ئەمە لەگفتوگۆی بەردەوامداین بەدەستپیکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان سلێمانی و تورکیا. کە لە □ مانگی تەمووزەوە ڕاگیراوە.

پارێزگاری سلێمانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، ئەمە لەگفتوگۆی بەردەوامداین لەگەڵ ئەو دۆستانە بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە کۆتاییان پێبێت، بەڵام ئەو بابەتە بابەتێکی یاسایی و کارگێڕی و خزمەت گوزاری نییە، بەڵکو بابەتێکی ئەمنی و سەربازی و سیاسییە.

وتیشی: پێویست دەکات لایەنە پەیوەندیدارەکان وەڵامی ئەو دۆخە بدەنەوە، چونکە سلێمانی شوێنێکی ئارامە، فڕۆکەخانەکەشی مەدەنییە.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو گەشتانە قەرەبووکراوەتەوە بەدەیان گەشتە ئاسمانییەکانی دیکەی نێودەوڵەتی، بەڵام پێمان خۆشە ئەو گەشتانەمان لەگەڵ تورکیا و کۆمپانیای تورکیش ئێرلاینیش دا هەبێت، ب□یی لەگەڵ

کونسوڵخانە قسەمان کردووە و لەهەوڵداین بۆ ئەوەی فڕۆکەخانەی سلێمانی گەشتەکانی ئاسایی بێتەوە لەگەڵ تورکیا.